# داستانی ئەوینی کوردستان

## کامیل ژیر

خۆشەویستەکەم لەم دەوروبەرەیدا
لەسەر رەوا بوو کە لافی لێئەدا
ئەیوت من گەورە کچی رۆژی ئارام
ئەستێرەکان تێر نابن لەتەماشام
لەرووی مندا: پەری باوی ئەسینێ
ڤینۆسی جوان قژی خۆی دائەهێنێ
سەرسام وەستاوە گەلاوێژی شەرمن
بەرامبەر شێوەی روخساری روونی من
من ئاورنگی روومەتم هەندە پەرشە
هەموو رۆژێ گوڵاوپرژێنی ورشە
ئە پرژێنێ بەسەر مرگ و باخمدا
بەسەر بەرگی سپیی لوتکەی شاخمدا

***

بەم وشانە چەن بەختیار بوو چەن شاناز
خۆی ئەبینی ئاسوودەیە و سەرفراز
زیاتر بەو هۆیەوە بەخۆی ئەنازی
وایئەزانی دەوروبەری لێیڕازی
بەڵێ وابوو، گوڵەکانی هەمەڕەنگ
لەخۆشیدا هاتبوونە قسە و دەنگ
بەڵام چیبکەم هەزار ئاخ و هەزار داخ
لەکاتێکدا کەوتبوونە سەر دەماخ
بەو ورشەیە و بارانی زۆری پەڵە
لەو کاتەدا تێیان ئالا گیا کەڵە
ئنجا خۆشی، دەزگیرانم، کەوتە دەس
سێ و چوار دێو وجنۆکە و خێوی ناکەس
هۆ هەستێکی ناسکۆڵەبوو، دڵی پاک

**هەموو کاتێ نادا ئەنجامێکی چاک**

**ئیتر ئەو گەورە کچی رۆژە بێ ناز**

**گوڵەکانی پێشێل، گەرووی بێ ئاواز**

**ئێستا ئەو ناکۆک و دژانە: یەکن!**

**لەئاستی دەزگیرانە جوانەکەی من!**

**یەکەم پیا ئەنووسێ وەکو شێت و هار**

**دووەم ئەیداتە بەر جوێن و لیس و دار**

**سێهەمیشیان بە قەپاڵی دێوانە**

**ئەیرەتێنێ بێبەزەیی و پێوانە**

**بەجووکە جووکی جنۆکانە چوارەم**

**ئەڵێ ئەبێ ببی بەمن ئیستەرەم!**

**ئنجا هەمو: گوڵی باخی ئەڕنن**

**نەمامەکانی ساوایە ئەیبڕن**

**ئاگر لەماڵی باوانی بەر ئەدەن**

**دەس لەکلتوور و سامانی وەرئەدەن**

**ئیتر دەمیان وا ژەندۆتە خوێنەکەی**

**مەبەستیانە کوێریکەن جێ و شوێنەکەی**

*******

**ئای لەم بارە ناهەموارەی من و ئەو**

**نەخواردنمان خواردنە، نەخەومان خەو**

**ئەو بەو جۆرە و منیش وێڵ و دەربەدەر**

**دڕندەکان لەمنیشیان ئەوێت سەر!**

**ئەی خەڵک و خوا مرۆڤەکان: لەلاتان**

**ئاشکرایە دەستی درێژی تاوان!!**

**دەری بێنن دەفتەری رەش کراوە**

**بەو وشانەی گوایە هی ئێوەی پیاوە!**

**کوا مافی مرۆڤی چەرخی ئەستێرە؟**

**کوا چارەنووسی ئەو خەڵکەی لەژێرە؟**

**خۆشەویستەکەم، ئەو شاگوڵە شەنگە**

ناوهێنانی لەلای ئێوەش بۆ نەنگە!؟
چونکە بەناوهێنی ئەو، دڵی دێو
دائەخورپێ و ئەڕەنجێ جنۆکە و خێو؟!
ئەی ئافەرین پشت و پەنای لاوازان!
بۆ قسەی رووتی بێکردار کە ئازان!!
نەخێر ئێوەش دێو و خێوێکن تەواو
گورگە بۆرەن بەپێستی مەڕ داپۆشراو!
منی رەجاڵ خەڕۆ نابم بەئێوە
رێڕەوێکتان هەیە ئێوەش هی دێوە
لەلای من داربێ یا پەردوو یەکسانە
دۆستایەتی لەلای ئێوەش سامانە
***
پێڕەوی ئێوە خەڕەکی سواوە
بەپینەی ئاگر و ئاسن وەستاوە
ناوی ئەنێن زانستی زانستەکان
خەڕەکێکە ناوی زل و دێی وێران
زانستی چی ئامێرێکی ناسازە
سەرەتای لەگەڵ ئەنجامدا جیاوازە
ئەو خەڕەکە شکاوە بۆچی بێنم؟
زەڕ بدەم و بەندایەتی بسێنم!!
من ناتسرم لەدەلەسەی هەڵبەسراو
رێ ناگۆڕم بە بریسکەی چاوو ڕاو
من ئەنجامی کارم لەلا مەبەستە
وشەی بریقەدار، درۆ و هەڵبەستە!
دەزگیرانم لەسەربەستی بێبەش بێ
بەمن چی دێو سوور یا سپی یا رەش بێ؟
دێوم ناوێ، خۆشەویستم، رووی سوورە
بەرگە گرتووی سزادانێکی دوورە
***

ئێستا دڵی بریندارم وا تۆزێ
ئەکرێتەوە و لێوم بزەی تێئەزێ
تۆوی گوڵزاری باخی دەزگیرانم
سەوز بۆتەوە و ئەمجارە بەگیانم
ئەو گوڵانە ئەپارێزم لەچقڵ
لەپێشێلی جنۆکەکان، کرمی گڵ
من بیرۆکەیەک بۆ خۆم ئەڕەخسێنم
لەسایەیدا تۆوی هیوام ئەچێنم
بەرهەمێکم باتێ، خۆشەویستەکەم،
جارێکیتر نەخاتەوە دەریای خەم
من ئاوازێ ئەڵێم لەئاواز بچێ
لەگرمەی دێو، جووکەی جنۆکە، نەچێ
ئاوازێکی پڕ بەگوێی کوردەواری
شیاو بۆ خۆشەویستەکەم بۆ دیاری
بەو ئاوازەوە گۆرانیی سەرکەوتن
بەنۆرە جارێ ئەو بیڵێ و جارێ من
***
ئەمجارە کاری خۆشەویستم کۆکە
هەڵناخەڵەتێ بەخێو، بەجنۆکە
ئێستا وریایە، چاوی کراوەیە
بەبیری رەسەنی خۆی بڕاوەیە
ئیتر بەزوڕنای خەڵکی هەڵناپەڕێ
جارێکی تر بەدەستی کەس ناگەڕێ
ئیتر دوژمنی دوژمن شکێن ناکا
بەهەڵدانێ چاکی بۆ بەلادا کا!!
دەرسی دادا تێهەڵدانی زەمانە
روو ناکاتە دۆستایەتیی گورگانە
ئیتر ماری شێخ هۆمەر هەڵناگرێ
گەرمیکاتەوە و دوایی قاپی گرێ!

گیاکەڵەکان بژار ئەکا لەباخدا
جەستە ئەسووتێنێ لەتۆڵەی داخدا
هەرچی ناوی جنۆکە و دێوو خێوە
هەڵنەیەن، ئەخرێنە ژێر دەست و پێوە
ئاکامی ئەم ئەوینە خاوێنەمان
رۆشنە وەک رۆژی دایکی دەزگیران
***
ئەمرۆ بیری رەسەن لەپشتی هێزە
هێز بەفەلسەفەیەکەوە بەپێزە
کەمن خاوەنی بیری خۆمبم ناچم
دەس بدەمە دار و پێمەرە و پاچم
شانازییەکانی خۆم هەروا بشکێنم
باوە کوشتەم بەپێکەنین بهێنم!!
کەمن فەلسەفەیەک بوو بەرێنمام
رێش تاریکبێ، بێباکم، دەس بەچرام
ئەبمە خاوەنی پێوانە و ترازوو
هەڵناخەڵەتێم وەک جاری جاران زوو
هەموو دیاردەکانی کۆمەڵ و ژیان
بۆ خۆشەویستم دێنە کێش و پێوان
رەش و سپی لەیەک جیا ئەکرێنەوە
وەڵامەکان بەراستی ئەدرێنەوە
ئیتر خۆشەویستم بەبەزەیی و سۆز
لەدەستی نادا هەل و مەرجی پیرۆز
لەسەر بنچینەیەک بڕیارەکانی
ئەنەخشێنێ: چارەنووسی ژیانی
کە من فەلسەفەی خۆم و باوەرِم بوو
ئەیدۆزمەوە هەڵەکانی رابوردوو
هەر بەو فەلسەفە و بیروباوەرِەوە
بەتەنێکی لاوازتریش و لەرِەوە

گرەو لەشەیتانەکان ئەبەمەوە

نەورۆزێکی باڵاتر ئەکەمەوە

درەفشی کاویان ئەدەمە دەستی

دەزگیرانم بۆ نیشانەی مەبەستی

بۆ چارشێوی رووی نازپۆشین لەیاری

بۆ تارای بووکی ئەنجامی دڵداری

سلێمانی: 1976